# Coherence in kurdish Language

Rzgar Qadir Rasool[1], Qais kakl Tofiq[2]
Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2582.13*

*Published: 10/08/2025*

## *Abstract*

*This research is an attempt to identify and present coherence in Kurdish texts, which create harmony and integrity of text understanding through lexical items, pragmatic meanings and textual dimensions. In this research, drawing on cohesion theories, another category of cohesion is semantically reformulated for text theory. The research also makes an interpertaion of various theories of cohesion, which have been used in text analysis in the past. In this research, the descriptive method of analysis is followed in the data analysis. In accordance with the results obtained in this study, on the one hand, a new category of coherence has been hypothesized. On the other hand, Deixis have been considered an important part of the coherence process. coherence of all three types has been used in different ways in Kurdish texts. The process of cohesion is not only achieved through grammatical cohesion or lexical items, but also pragmatic and textual dimensions are involved in providing the act of a cohesion.*

*Keyword: cohesion, coherence, new classification, pragmatic meaning, Deixi*

# لکاندنی واتایی لە زمانی کوردیدا

پ.د. قەیس کاکل تۆفیق                                   رزگار قادر رەسول

زانکۆی سۆران_فاکەڵتیی ئاداب_بەشی کوردی

qais.kakl@soran.edu.iq                    rzgar.rasool@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی لکاندنی واتایی لە دەقی زمانی کوردیدا، کە لە ڕێگەی یەکە فەرهەنگییەکان و واتا پراگماتیکیەکان و ڕەهەندە دەقیەکانەوە هاوئاهەنگی و یەکپارچەیی تێگەیشتنی دەق دروستدەکەن. لەم توێژینەوەیەدا بە سوودوەرگرتن لە تیۆرەکانی لکاندن، لە ڕووی واتاییەوە دووبارە پۆلێنێکی تری لکاندن بۆ تیۆری دەق دارێژراوەتەوە. هەروەها توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنێک بۆ تیۆرە جیاجیاکانی لکاندن دەکات، کە لە ماوەی ڕابردوودا  لە شیکردنەوەی دەقدا بەکارهاتوە. لەم توێژینەوەیەدا لە شیکردنەوەی داتاکاندا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە.

بە گوێرەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە لایەکەوە گریمانی پۆلێنێکی نوێی لکاندنی واتایی کراوە. لە لایەکی تریشەوە نیشانە پراگماتیکیەکان بە بەشێکی گرنگی پرۆسەی لکاندنی واتایی هەژمارکراون. هەروەها  لکاندنی واتایی بە هەرسێک جۆرەکەیەوە بە شێوەی جیاجیا لە دەقەکانی زمانی کوردیدا بەکارهێنراون، پرۆسەی لکاندنیش تەنیا لە ڕیگەی لکاندنی ڕێزمانی یان فەرهەنگییەوە بەدینایەت، بەڵکو پراگماتیک و ڕەهەندە دەقیەکانیش لە فەراهەمکردنی کردەی لکاندندا بەشدارن.

کلیلەوشە: لکاندن، لکاندنی واتایی، پۆلێنی نوێ، واتای پراگماتیکی، نیشانە پراگماتیکیەکان.

## ١- پێشەکی:

**١.١- ناونیشانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (لکاندنی واتایی لە زمانی کوردیدا)یە، کە لکاندنی واتایی و جۆرەکانی لکاندنی واتایی لە دەقی زمانیدا دیاریدەکات.

**١.٢- کێشەی توێژینەوە:**

١-لەگەڵ بوونی چەند تیۆر و لێکدانەوەیەکی زمانی بۆ دەقسازی، بەڵام هێشتا هەندێک گرفت لە پەیوەندیەکانی نێودەق و لکاندنی واتایی ماوەتەوە، کە ئەم تیۆرانە نەیانتوانیوە چارەسەرییبکەن.

٢-تێکەڵبوونێک لە نێوان لکاندنی واتایی و ڕێزمانیدا هەیە و هێڵێکی جیاکەرەوەی ڕوون لە نێوان سەرچاوەکاندا نیە. بەڵکو تێکچڕژاون و هەندێک دیاردەی لکاندن هەیە، کە لە لای هەندێک بە ڕێزمانی داندراوە و هەمان لکاندن لە لای هەندێکی تر بە واتایی داندراوە. ئەمەش لە ڕووی تیۆرییەوە گرفتێکە و ئەو توێژینەوەیە هەوڵدەدات دوای شەنوکەوکردنی بۆچوونەکانی پێشوو چوارچێوەیەکی تیۆری دووبارە دابڕێژێتەوە.

١.٣- **ئامانجی توێژینەوە:**

١- هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی پۆلێنەکانی لکاندن، لای شارەزایانی بواری لکاندن.

٢-دووبارە دارشـــــتنەوەی پۆلێنێکی نوێی لکاندنی واتایی بە ســــوودوەرگرتن لە پۆلێنەکانی پێشــــوو، کە لەبارەی لکاندنی واتایی ئەنجام دراوە. ئەم پۆلێنەش بە شــــێوەیەک دەبێت، کە جیاوازە لەو پۆلێنانەی کە تەنیا لە بواری ڕێزمانی یان فەرهەنگییەوە کراون.

١.٤- **پرسیارەکانی توێژینەوە:**

١-ئایا تا چ ڕادەیەک وردەکاری لە پۆلێنەکاندا هەیە و هەردوو بنەمای ڕۆنانی و واتایی لە یەکتری جیاکراونەتەوە؟

٢- ئەو پۆلینانەی کە لە بۆچوونەکاندا خراونەتەڕوو، دەتوانن وەڵامی هەموو پرسیارێک لە بارەی لکاندن بدەنەوە؟ ئایا دەتوانن هەموو دەقێک شیبکەنەوە؟

٣- میکانیزمی دەستنیشانکردنی لکاندنی واتایی لە دەقەکانی زمانی کوردیدا چۆنە؟

**١.٥- سنوور و داتای توێژینەوە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە لە ئاستی واتا (سیمانتیک، پڕاگماتیک)دایە. لە چوارچێوەی زاری ناوەڕستدا لە بواری دەقسازیدا. داتای توێژینەوەکە جگە لە سەلیقەی توێژەر، لە بەشی کارەکیدا دەقێک بە نموونە وەرگیراوە.

**١.٦- ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا، لە پرۆسەی شیکردنەوەی دەقەکان لە ڕووی لکاندنەوە پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستراو.

**١.٧- گرنگی توێژینەوە:**

١-خستنەڕووی پۆلێنێکی تری نوێی لکاندنی واتایی، کە دەشێت لە ڕێگەیەوە شیکاری لکاندنی واتایی دەقەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی (واتای فەرهەنگی، واتای پڕاگماتیکی، واتای دەقی)یەوە بکات.

٢ توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆرییەوە هەوڵیداوە، لە ئاستی تیۆری؛ گفتوگۆ، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ بۆچوونە جیاوازەکان بکات. ئەو کەلێن و گرفتانە دیارییبکات، کە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەو بۆچوونانە هەیانە.

٣- هەوڵی ئەوەی داوە دووبارە دارشتنەوە بۆ چەمکی لکاندنی واتایی بکات و ئەو تێکەڵیەی کە لە نێوان ڕۆنان و واتادا هەیە بیخاتە بەر تیشکی توێژینەوە.

توێژینەوەکە، جگە لە پوختە، پێشەکی، ئەنجام، پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، تیشکی خستۆتەسەر لایەنە تیۆرییەکانی بابەتەکە، وەک؛ ڕەگوڕیشەی لکاندنی واتایی، زاراوە، چەمک و پێناسەی لکاندنی واتایی، جیاوازی نێوان لکاندنی واتایی و ڕێزمانی، لکاندنی واتایی و نیشانە پڕاگماتیکیەکان، گریمانەی پۆلێنی نوێی لکاندنی واتایی، لایەنە گرنگەکانی پۆلێنەکە، جیاوازی

لەگەڵ پۆلێنەکانی تر... پاشان هەوڵدراوە، لە زمانی کوردیدا بەپێی پۆلێنە نوێیەکە دەقێک شیبکرێتەوە و جۆرەکانی دەستنیشانبکرێت.

## ٢- پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژینەوە لە بواری لکاندن بە گشتی لە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (هالیدەی و حەسەن) لە ساڵی (١٩٧٦) بە ناونیشانی (Cohesion in English)ەوە دەستپێدەکات. لەم بۆچوونەدا توێژینەوەکەی ئەوان بە لوتکەی بواری لکاندن و دامەزرێنەری بۆچوونەکە دادەندرێت... لە هەموو توێژینەوەکانی دوای خۆیان زیاتر پشتی پێدەبەسترێت (قەیس کاکل تۆفیق، ٣٧: ٢٠٠٢). ئەوان لکاندنیان بۆ دوو جۆری سەرەکی پۆلێنکردوە، وەک: (لکاندنی ڕێزمانی، لکاندنی فەرهەنگی) لکاندنی ڕێزمانی دابەش دەبێتە سەر چەند لقێکی تر، وەک: (ئاماژە، بریتیخستن، بەستن، کرتان)، لکاندنی فەرهەنگیش دابەش دەبێتە سەر چەند لقێکی تر، وەک: (چەندبارەکردنەوە و هاوڕێیەتی)، دووبارە هەر یەک لەم لقانەش لە نێو خۆیاندا بۆ لقی تر ورد دەبنەوە. ئەوان هەوڵیاندا لە دەقەکانی زمانی ئینگلیزیدا ئەم بوارانە دەستنیشانبکەن و توێژینەوەی لەبارەوە بکەن، بەڵام ئەو پۆلێنبەندیەی کردوویانە پۆلێنبەندیەکە پتر لە سەر بنەمای فۆرمی زمانی شیکاری دەقەکانی زمان دەکات. بەمەش توێژینەوە نەوەک تەنیا لە زمانی ئینگلیزی، بگرە زۆربەی زمانانی تری دونیاش بە کاریگەر بوون بەم مۆدێل و پۆلێنانە دەستیانپێکرد. هەروەها (ڤاندایک)یش لە ساڵی (١٩٧٧)دا بەرهەمێکی بڵاوکردەوە، کە پێگەی تیۆری ئەم مۆدێلە، لە بەشی (٤-٥)ی بەرهەمەکەیدا بە ناونیشانی (text and context)، ئەوەیە کە شیکاری لکاندنی واتایی (Coherence) دەبێت ئەم لایەنانەی خوارەوە دیاریبکات، یەکەم: پەیوەندیەکانی لکاندنی واتایی هێڵی ( The Linear Coherence Relations ) کە لە نێوان ڕستەکانی دەقێکدا بەڕێوەدەچێت. دووەم پێکهاتەی گەورە (Macro-Structure ) بابەتی گوتار (topic of discourse) لە دەقێکدا پێناسەی لکاندنی واتایی (Coherence) جیهانی دەکات)(Jin soon Cha 1982: 39-40). ، هاوکات

بۆچوونەکەی (ڤاندایک) لەبارەی پرۆسەی لکاندن بۆ چەند شێوەیەک دابەشکراوە، وەک: (پەیوەندیەکانی لکاندنی واتایی هێڵی، پێکهاتەی گەورە، لکاندنی واتایی، بەستنەوە)، واتا، تیۆرەکەی (ڤاندایک) لەم ڕوانگانەوە شیکاری دەقەکانی زمان دەکات. هەروەها (براون و یوڵ)یش لە بەرهەمەکەیاندا کە لە ساڵی (١٩٨٣) بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (Discourse Analasis)، لە دەق و گوتاریان کۆڵیوەتەوە. ئەوان بە دامەزرێنەری ئەم بۆچوونە دادەنرێن. ئەم بۆچوونە لە گۆشەنیگای گوێگرەوە سەیری دەق و گوتار دەکات و وای بۆ دەچن، کە پرۆسەی گوتار و دەقسازی بە هاوبەشی (نوسەر، قسەکەر/ خوێنەر، گوێگر) ئەنجامدەدرێت. ئەمانە بنەمان بۆ دروستبوونی پرۆسەی دەقسازی، بەبێ ئەمانەش دەق دروست نابێت. بۆ ئەمەش قسەکردن دەبێت لە چوارچێوەیەکدا بێت، کات و شوێن و هاوبەشەکان ڕۆڵیان تێدا هەبێت. باوەڕی پتەویان بەوە هەیە، کە قسەکەر و نوسەر، خاوەنی بابەت و بەرگریمانەن. گوێگر ئەوانەن کە قسەکان لێکدەدەنەوە و واتای بۆ دروست دەکەن (قەیس کاکل تۆفیق، ٢٠٠٢، ٢٦-٢٧) واتا ئەوان کردەی لکاندنیان بۆ سێ بەش پۆلێنکردوە، وەک (ڕۆڵی وەرگر، زانیاریی هاوبەش، پرۆسەی لێکدانەوە)، بڕوانە: ( براون و یوڵ، ١٩٨٣: x,ix). کەواتە بۆچوونەکەی (براون و یوڵ) لە بۆچوونی هالیدەی و حەسەن جیاوازە، چونکە بۆچوونی (براون و یوڵ) پتر واتاییە، بەڵام بۆچوونی (هالیدەی و حەسەن) بۆچوونێکی ڕۆنانیە. هەروەها لە لایەکی ترەوە دوای بەرهەمە هاوبەشەکەیان دووبارە (ڕوقیە حەسەن) لە ساڵی (١٩٨٤) بەرهەمێکی تری بە ناونیشانی ( Coherence and cohesive harmony) بڵاوکردەوە. لەم بەرهەمەدا پۆلێنێکی نوێی پێشکەشکردوە، جیاوازە لەو پۆلێنەی کە پێشتر لە کارە هاوبەشەکەی لەگەڵ (هالیدەی)دا ئەنجامی دابوو. (حەسەن) لەم کتێبەدا لکاندنی وشەیی (فەرهەنگی) بۆ دوو پۆلەڕەگەز دابەشکردوە: پۆلی گشتی (General category) و پۆلی یەکسەری (Instantial category). هەروەها هەریەکە لەم پۆلانەش هەندێک پەیوەندیی وشەیی تریان هەیە، واتا، پۆلی گشتی لە هەریەکە لە پەیوەندیەکانی (دووبارەبوونەوە، هاوواتا،

بەش لە گشت، داپۆشین، دژواتا) و پۆلی یەکسەریش لە هەریەکە لە (هاوتا، ناونان، لێکچوون) پێکهاتوە. هاوکات ئەم پەیوەندیە وشەییانە هەمان ئەو پەیوەندیانەن، کە لە بەرهەمە هاوبەشەکەی پێشووتری (هاڵیدەی و حەسەن) (١٩٧٦) بەدەستهاتوون. هەروەها دووبارە هاڵیدەی لە ساڵی (١٩٨٥) لە بەرهەمێکی تریدا بە ناونیشانی (an introduction to functional grammar)، هەندێک گۆڕانکاری گرنگی لە خستنەڕووی مۆدێل و پۆلێنەکانی لکاندندا ئەنجام دا. واتا، لەو بەرهەمەیدا (هاڵیدەی) سێ پۆلەڕەگەزی دیاریکردوە و پۆلی هاوڕێیەتی (Collocation)، وەکو جۆرێکی سەربەخۆی لکاندنی فەرهەنگی لابرد، کە لە پۆلێنەکەی پێشوو (١٩٧٦) لەگەڵ (حەسەن)دا بە جۆرێکی سەربەخۆی دانابوو. هەروەها لە ساڵی (١٩٧٦)دا لکاندنی فەرهەنگی دوو پۆل بوو: (دووبارەکردنەوەی گشتی و هاوڕێیەتی)، بەڵام لە پۆلێنبەندیەکەی (١٩٨٥)دا کردوویەتی بە سێ پۆل: (دووبارەکردنەوە، هاوواتا، هاوڕێیەتی). هەروەها بۆ (هاڵیدەی) دووبارەبوونەوەی یەکەی فەرهەنگی بەهێزترین و ڕاستەوخۆترین هێزی لکاندن هەڵدەگرێت. ئەم چەشنە لکاندنە تایبەتە، دەبێت پێگەیەکی بەرزی پێبدرێت. لە ئەنجامدا لەم مۆدێلەدا وەک پۆلێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت (Zubairu Malah، ٢٠٢٠: ٥٠). کەواتە، (هاڵیدەی) لەم مۆدێلەدا واتا، لە بەرهەمەکەی (١٩٨٥)دا لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لە هەردوو پۆلێنەکەی هاڵیدەی و حەسەن (١٩٧٦) و حەسەن (١٩٨٤). بەڵام لە یەکەمیان نزیکترە لە دووەمیان. لە پلەی یەکەمدا، لە کاتێکدا ڕوقیە حەسەن لە بەرهەمەکەیدا (١٩٨٤) پۆلی (هاوڕێیەتی) لە پۆلێنبەندیەکەی لادەبات، بەڵام (هاڵیدەی) لە بەرهەمەکەی ساڵی (١٩٨٥)دا پۆلی هاوڕێیەتی و پەیوەندیە واتاییە هاوشێوەکان دەپارێزێت. لە بەرهەمەکەی (ڕوقیە حەسەن) (١٩٨٤)دا هەندێک پەیوەندیی وشەیی، کە لە (هاڵیدەی و حەسەن) (١٩٧٦)دا بەکارهێنراون، بەلانراون، ئەوانیش: (وشەی سەرخان، وشەی گشتی و هاوواتای نزیکن). دوابەدوای هاڵیدەی و حەسەن، مۆدێلێکی تری لکاندنی وشەیی (فەرهەنگی)، کە لە لایەن مەکارسییەوە لە ساڵی (١٩٨٨) پەرەپێدراوە. لە بەرهەمی ( Some vocabulary patterns

بەم شێوەیە پۆلێنی کردوە: (هاوتابوون، هاوواتایی، لەخۆگرتنەوە in conversation ) تایبەتی_گشتی، لەخۆگرتنەوە، گشتی_تایبەتی، دژواتا). هەروەها بە گوێرەی ماکارسی، مۆدێلی لکاندنی فەرهەنگی، کە لە لایەن (هاڵیدەی و حەسەن)ەوە لە ساڵی (١٩٧٦) پەرەپێدراوە، بەس نەبووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شیکاری داتاکانی گفتوگۆی سروشتی، چونکە مەبەست لێی شیکردنەوەی دەقە نووسراوەکان بووە. هەروەها (مەکارسی) ئارەزووی لە لێکۆڵینەوە بووە، کە چۆن قسەکەران یەکە فەرهەنگییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی و نەخشدار (لەقاڵبدراو) بۆ بەڕێوەبردنی کارلێکیانەی قسەکردن بەکاردەهێنن (Zubairu Malah, 2020: 51). هەروەها بڵاوبوونەوەی توێژینەوەکەی (میکایل هۆی) لە ساڵی (١٩٩١)دا بە ناونیشانی (Patterns of lexis in text)، بە یەکێک لە بەرهەمە ناوازەکان دادەندرێت. کە پەیوەندی بە دەقی ناگێرانەوەییەوە هەیە. هەروەها مایکل هۆی بانگەشەی ئەوە دەکات، ئەوە پەیوەندیی لکاندنە (یەکگرتوویە) فەرهەنگییەکانە، باڵی بە سەر پرۆسەی لکاندن (Cohesion)دا کێشاوە. بۆیە مایکل هۆی پێی وایە، شێوازی زاڵی ڕستنی دەق، بە واتایەکی تر، توێژینەوەی هەرە زۆری کردەی لکاندن، توێژینەوەیە لە پرۆسەی قاڵبە فەرهەنگییەکان و توێژینەوە لە لکاندن لە دەقدا، تا ڕادەیەکی بەرچاو توێژینەوەیە لە قاڵبە فەرهەنگییەکان لە دەقدا (Hoey,١٩٩١: 10 ). مۆدێلەکەی مایکل هۆی لەبارەی لکاندنی فەرهەنگییەوە بریتین لەم پۆلانە: (دووبارەبوونەوەی فەرهەنگیی سادە، دووبارەبوونەوەی فەرهەنگیی ئاڵۆز، داڕشتنەوەی فەرهەنگیی سادە، داڕشتنەوەی فەرهەنگیی ئاڵۆز، بریتیخستن، لابردن، هاوئاماژە، نیشانە پراگماتیکیەکان) (Zubairu Malah, 2020 :51) دوای مایکل هۆی، بەرهەمەکەی مارتن (1992) بە ناونیشانی ( English text system and structure)، یەکێکە لە بەرهەمەکانی تر کە تێیدا چەند مۆدێل و پۆلێنێکی تر بەپێی بۆچوونی (مارتن) خراوەتەڕوو، بۆیە (زوبێر و مالا) ئاماژە بەوە دەکەن، (کە مۆدێلی لکاندنی وشەیی فەرهەنگی (مارتن) بۆئەوە دروستکرا، شیکاری دەقەکانی بوارە دیاریکراوەکانی،

وەک: (یاریەکانی تێنس، کۆمەڵەی خۆر و پەروەردە) بە ئامانج بگەیەنێت. ئەو دەڵێت بابەتی فەرهەنگی لە دەقەکاندا بەپێی بوارەکانی پێدراو بە شێوەیەکی جیاواز ڕێکخراون. ئەو پەیوەندیە وشەییانەی لەم مۆدێلەدا دەستنیشانکراون، لە سێ پۆلی سەرەکیدا پۆلێن دەکرێن، وەک: (پەیوەندیە تاکسۆنۆمیەکان؛ دووبارەبوونەوە. هاوواتا، دژواتا، هاوداپۆشین، بەش لە گشت، هاوبەش لە گشت، دژواتا)، (پەیوەندیی ناوەکی)، (پەیوەندیی ڕیزبەندیی چالاکی)، ئەوەی جێگای سەرنجە، دوو پۆلی کۆتایی لێرەدا ( پەیوەندیی ناوەکی و ڕیزبەندیی چالاکی) تەنیا گۆڕانکاریەکانی هاوڕێییەتین وەک لە (هالیدەی و حەسەن) (١٩٧٦)دا بەدەستهاتوە (Zubairu Malah, :52 2020). هەروەها توێژینەوەکەی (تابۆدا)ش لە ساڵی (٢٠٠٤) کە بە ناونیشانی ( Building coherence and cohesion: Task-oriented dialogue in English and Spanish)، ناوبراو لەم بەرهەمەدا چەند مۆدێلێکی درێژەپێدراو و کەمێک گۆڕانکاری لە پۆلێنەکەیدا فەراهەمکرووە. وەک: (لکاندنی ڕێزمانی؛ ئاماژە، بریتیخستن، کرتاندن)، (لکاندنی فەرهەنگی؛ چەندبارەکردنەوە؛ وشەی تەواو، وشەی دارشتنەوە، هاوواتا، سەرخان، داپۆشراو، وشە گشتیەکان). هاوکات مۆدێلی (تابۆدا) (٢٠٠٤) تاڕادەیەکی زۆر گونجانێک بوو لەگەڵ مۆدێلی (هالیدەی و حەسەن) (١٩٧٦)دا. هەروەها سەرنجی (تابۆدا) بەراوردکردنی گفتوگۆکانی ئینگلیزی و ئیسپانی بوو بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە قسەکەران لە بنیاتنانی گفتوگۆی یەکگرتوودا بەکاریدەهێنن. بۆیە ئەو حەزی لە تایبەتمەندیەکانی گوتاری پێکهێنەری دەق بوو، گفتوگۆکان دەتوانن بەیەکەوە یەکگرتوو و پتەو بن (Zubairu Malah، 2020 : 52). هەروەها (تابۆدا) (٢٠٠٤) هەردوو لکاندنی ڕێزمانی و فەرهەنگی تاوتوێ کردوە، بەڵام پەیوەندیەکان کەمێک گۆڕانکاریان تێدا کراوە. لە کاتێکدا هالیدەی و حەسەن (١٩٧٦) چوار پەیوەندی لکاندنی ڕێزمانیان دەستنیشانکردوە: (دوبارەبوونەوە، بریتیخستن، لابردن، بەستن)، بەڵام (تابۆدا) (بەستن)ی لە

شیکاریەکانیدا دەرهێناوە و بڕیاریداوە لە شیکاریەکانی ئەم مۆدێلە بەکارنەهێنێت (Taboda, ٢٠٠٤: ١٦٤).

جێگەی ئاماژەپێدانە، بەپێی بەدواداچوونی ئێمە، تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەک بە ناونیشانی لکاندنی واتایی لە زمانی کوردیدا ئەنجام نەدراوە، ئەو توێژینەوانەی ئەنجامدراون، یان لە بواری لکاندنی ڕێزمانییەوەن، یان لە بواری لکاندنی فەرهەنگییەوەن، هاوکات لە بەشێکی توێژینەوەکاندا جیاوازی لە نێوان لکاندنی واتایی و لکاندنی ڕێزمانی کراوە، بەڵام ئەم کەلێنەی ئەنجام نەدانی توێژینەوە لە بواری لکاندنی واتاییەوە بە والایی جێهێڵدرابوو، بۆیە بە پێویستمانزانی توێژینەوەی لەبارەوە بکەین. لە خوارەوەش بەشێک لەو توێژینەوانەی لە بواری پرۆسەی لکاندنی دەقە لە زمانی کوردیدا ئەنجام دراون هەڵدەسەنگێندرێن:

(قەیس کاکل تۆفیق) لە ساڵی (٢٠٠٢)دا دکتۆرانامەکەی خۆی نووسیوە و لە شەش بەش پێکهاتوە، بە ناونیشانی: (پەیوەندییەکانی نێو دەق)، توێژەر سەرەتا لە لاپەڕەکانی (٢٢-٢٥) باسی لە تیۆری دەق کردوە، تێیدا باس لە ڕوانگە جیاجیاکانی دەق کراوە، دواتر لە لاپەڕە (٢٦-٢٧) باس لە بۆچوونی (براون و یۆل) دەکات، پاشان باس لە بۆچوونی (ڤاندایک) دەکات، دوای ئەمانە توێژەر لە لاپەڕە (٣٧) باسی بۆچوونی زمانەوانە وەسفیەکان (هالیدەی و ڕوقیە حەسەن) دەکات. کە ئەوان بە لوتکەی بواری لکاندن و دامەزرێنەری بۆچوونەکە دادەندرێن. لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین توێژەر لە بابەت باسکردنی تیۆرەکانی دەقدا سێ بۆچوونی خستوونەتەڕوو، وەکو بۆچوونەکانی (براون و یۆل، ڤاندایک، هالیدەی و ڕوقیە حەسەن)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە توێژەر لە بەشی پراکتیکی کارەکەیدا و بە درێژایی نامە زانستیەکەی بۆچوونی (هالیدەی) پەیڕەوکردوە و کارکردن بە بۆچوونەکانی تری فەرامۆشکردوە.

ئەمەش لەبەرئەوەیە (هالیدەی) لە چوارچێوەی زمان ناچێتە دەرەوە و لێکدانەوەی بۆ دیاریدەی دەق لێکدانەوەیەکی زمانەوانییە، بەڵام پێچەوانەی دوو بۆچوونەکەی تر مەبەست لێی (براون و

یۆڵ و ڤان دایک)ن. کە لایەنی ڕۆنانی و ڕێزمانیان تا ڕادەیەک پشتگوێخستوە و کردە بیریەکان و گوێگر دەکەنە بنەمای کارەکەیان و کۆمەڵێک بابەتی وەکو (دەوروبەر، زانیاریی هاوبەش، ئاستی ڕۆشنبیری...) لە بەرچاوەوە دەگرن.

(ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی) لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، توێژینەوەکەی بە ناوی (ڕستە و پاشڕستە)یە، ئەوەی پەیوەستە بە لکاندن لەم بەرهەمەدا، توێژەر بە شێوەیەکی زانستیانە لە بەشی شەشەمدا لە بابەتی لکاندن دواوە. ئەم بەشەی تەرخانکردوە بۆ ڕستە لە ناو دەقدا، ناوبراو لە لاپەڕە (١٨٣)دا بەپێی بۆچوونی (هالیدەی) باس لە جیاوازی نێوان دەق و نادەق دەکات و خاڵێکی بنەڕەتی دیاریدەکات ئەویش پەیوەندیی لکاندنە، جا پەیوەندیەکە (ڕێزمانی بێت یان لێکسیکی یان سیمانتیکی)، لێرەدا توێژەر لکاندنی واتایی و لکاندنی لێکسیکی بە دوو بابەتی جیا داناوە. لە کاتێکدا لکاندنی لێکسیکیش بە بەشێک لە لکاندنی واتایی دادەندرێت، بەڵام جگە لە لکاندنی ڕێزمانی و لێکسیکی، کە  لە لاپەڕەکانی دواتر بەشێوەیەکی پراکتیکی کاری لە سەر کردوە. ڕوونی نەکردۆتەوە کە مەبەست لە لکاندنی سیمانتیکی چییە. بەم پێیەش ناوبراو تەنیا کاری لەسەر دوو جۆر لکاندن (لکاندنی ڕێزمانی و لکاندنی لێکسیکی) کردوە.

(شێرکۆ حەمەئەمین) لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، بەرهەمەکێکی بە زاری ناوەڕاست ئەنجامداوە بە ناونیشانی: ( شیکارکردنێکی گوتاری چیرۆکەهەواڵ)، کە لە بنەڕەتدا نامەیەکی دکتۆرایە و لە چوار بەش پێکدێت. ئەوەی پەیوەستە بە کاری ئێمە ئەوەیە، لە بەشی دووەمدا لە لاپەڕە (٤٣-١٠٠) بە ناونیشانی چەند سەرەبابەتێک ئاماژەی بە بابەتی لکاندن کردوە.

کەواتە، توێژەر لێرەدا هاوشێوەی (قەیس کاکل و ساجیدە عەبدوڵا) ئاماژەی بە کۆمەڵە پێوەرێک کردوە، کە پەیوەستن بە لکاندن و دەق بەرهەمدێنن. دواتر توێژەر دەڵێت: دەق و نادەق بەم هۆی پێڕەوکردن و لادان لە هەندێک بنەماوە بەرهەمدێت، وەک: پتەوی دەق (Cohesion)، (دەقایەتی: (Coherence).

بۆیە دەکرێت بڵێین توێژەر جیاوازتر لە ئەوانی پێشە خۆی، ئەم دوو پێوەرەی بۆ دەقێتی دیاریکردوە و پێی وایە، لادان لەم دوو پێوەرە، دەقێتی فەراهەم نابێت. واتا، ئەم توێژەرە هەردووک چەمکی لکاندنی واتایی و لکاندنی ڕێزمانی دەکاتە بنەمای دروستبوونی دەق، لە کاتێکدا لە هەردووک نامەکەی پێشتردا یان تەنیا لکاندنی ڕێزمانی یان لکاندنی ڕێزمانی و لێکسیکی کراونەتە پێوەری کارکردنەکەیان.

(بابا ڕەسول نوری ڕەسول) لە ساڵی (٢٠١٣)دا، توێژینەوەیەکی لەبارەی (شیکردنەوەی دەق نوکتە بە نموونە) نووسیوە. دکتۆرانامەکە لە دوو بەش پێکهاتوە، هەر بەشێک لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتوە و تێیدا لە بابەتی لکاندن و جۆرەکانی لکاندن و لکاندنی واتایی دواوە، توێژەر لە لاپەڕە (١٧-١٨)دا بە سەرەباسی (تیۆرەکانی دەقدا) هاوشێوەی (قەیس کاکل) باسی بۆچوونەکانی (هالیدەی و براون و یوڵ) کردوە و جیاوازتر لە (ساجیدە عەبدوڵا) کە ئەو تەنیا بۆچوونی (هالیدەی) پەیرەوکردبوو. توێژەر پێی وایە، ئەم تیۆردانەرانە هەر یەکەیان بە جۆرێک لە دەق و کردەی لکاندن دەڕوانن. لەبارەی پێوەرەکانی دەقێتی ئەوەی (بابا ڕەسول) لە توێژەرەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە ناوبراو بۆچوونەکانی (دیبۆگراند و دریسلەری) خستۆتەڕوو، کە تێیدا حەوت پێوەری دەقێتی ئاماژە پێداون، وەکو (لکانی ڕێزمانی و فەرهەنگی، لکانی واتایی، مەبەستداری، هەڵوێستگەرایی، پەیامداری، پەسندداری، دەقئاوێزان)، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم پێوەرانە لە توێژینەوەی توێژەرەکانی پێشوودا بەرچاو ناکەون. هاوکات ناوبراو توخمەکانی دەق و گوتار و هەندێک بابەتی پراگماتیکی لە لاپەڕە (٩٠) و چەند دیاریدەیەکی تری کۆمەڵایەتیشی لە لاپەڕە (١٣٠) باسکردوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە، ئەم بابەتانە بەشێکن لە ڕەهەندەکانی لکاندنی واتایی و پەیوەستن بە دیاریدەکەوە.

خاڵێکی تری گرنگ کە توێژەر لە (٨٨-٩١)ی بە تایبەتی سێ لاپەڕەی بۆ جۆری (لکاندنی واتایی) تەرخانکردوە و کردەی لکاندنی واتایی لەم چەند لاپەڕەیەدا خستۆتەڕوو.

(هاژه چیچۆ محەمەدامین) لە ساڵی (٢٠١٥)دا توێژینەوەیەکی ئەنجام داوە، بەرهەمەکەی لە سێ بەش پێکدێت، بە ناونیشانی: (داڕشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا)، ناوبراو لە بەشی دووەمدا لە لاپەڕە (١٠٨-١٢٤) بابەتێکی بە سەرەباسی (نیشانە دەقییەکان) خستۆتەڕوو. لەم سەرەبابەتەدا توێژەر ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم بنەمایانە پێویستە هەبن، تاکو دەقێکی پتەو بەرهەم بێت. بە جۆرێک لادان لەم دوو بنەمایە دەبێتە هۆی دروستبوونی لێڵی واتایی و نادەقی. واتا، توێژەر تەنیا ئەم دوو تایبەتمەندیەی دەقی خستۆتەڕوو: (لکاندن-(Cohesion)، (بەندکردن (Coherence).

بەڵام توێژەر تەنیا ئاماژەی بەم دوو بنەمایە کردوە، لە خستنەڕووی ئەم دوو بنەمایەش تەنیا لکاندنی واتایی (coherence)ی وەکو سەرەبابەتێک نیشانداوە، بێ ئەوەی ناساندنێکی بۆ بکات و نموونەی لەبارەوە بخاتەڕوو، تەنانەت هۆکاری پشتگوێخستنی (Coherence)یشی بە وردی ڕوون نەکردۆتەوە، لە کاتێکدا ناوبراو خۆی ئاماژەی بەوە داوە، کە دەق بێ ئەم دوو تایبەتمەندیە لێڵ و ناڕوون دەبێت.

(نەژاد حسێن شەریف) لە ساڵی (٢٠٢٢)دا، توێژینەوەیەکی لە سەر (بەستەرەکانی دەق لە زمانی کوردیدا) ئەنجام داوە، کە لە سێ بەش پێکدێت، ناوبراو لە لاپەڕە (٤)دا باس لە لکاندن دەکات لە ڕووی تیۆرییەوە، لەم توێژینەوەیەدا ناوبراو هاوشێوەی (قەیس کاکل و ساجیدە عەبدوڵا و بابا ڕەسول) بۆ ناساندنی بابەتی دەق و لکاندن پشتی بە بۆچوونی هاڵیدەی بەستوە. هەروەها توێژەر لە لاپەڕە (٩-١١) لە ناساندنی بابەتی لکاندن و سیستەمی پێکەوەبەستندا پشتی بە بۆچوونەکانی (هاڵیدی و ڕیچارد و کویرک) بەستوە. لەکاتێکدا توێژەرەکانی پێشتر بە زۆری بۆ ناساندن و خستنەڕووی ئەم دیاردەیە پشتیان بە تیۆرەکانی (هاڵیدەی) بەستوە.

هەروەها وەک دەبیندرێت، ڕیچارد و هاوڕێکانی لە هەردوو ڕوانگەی "ڕێزمانی و لێکسیکییەوە" پێناسەی پێکەوەبەستن دەکەن وەک: (پەیوەندیی ڕێزمانی لێکسیکی) لە نێوان بەشە جیاوازەکانی

دەقدا دەیانناسێنن. بەڵام کویرک و هاورێکانی ڕۆڵی پراگماتیک لەم پەیوەندیانەدا فەرامۆشناکەن و ئەوان پێیان وایە، (لکاندن) نواندنی زمانەوانی ڕواڵەتی پەیوەندیەکانی واتایی (سیمانتیکی) و کرداری (پراگماتیکی)یە لە نێوان کلۆز و ڕستەکان لە دەقێکدا. خاڵێکی تری گرنگیش کە لە پێناسەکەی کویرک و هاورێکانیدا بەدیدەکرێت، ئەویش ئەوەیە، لە ناساندنی چەمکی (cohesion)دا ڕۆڵی پراگماتیکیان فەرامۆش نەکردوە، کە ئەمەش جۆرێکە لە سنووربەزاندنی دیاردەی لکاندن و لای توێژینەوەی توێژەرەکانی تر بەرچاو ناکەوێت، بگرە چەمکی (cohesion) بەپێی زۆربەی تیۆرەکان تەنیا لکاندنی ڕێزمانی و لکاندنی وشەیی دەگرێتەوە. نەک بپڕژێتە ناو ئاستی پراگماتیک.

(شادان حەمەئەمین محەمەد) لە ساڵی (٢٠٢٣)، دکتۆرانامەکەی، کە لە سێ بەش پێکدێت، بە ناونیشانی (هاوئاهەنگی دەقبەستی لە زمانی کوریدا) ئەنجام دراوە و لە لاپەڕە (١٠)دا بە سەرەباسی دەقێتی و پێوەرەکانی باسی لەوە کردوە، کە (هاڵیدەی و حەسەن) دوو پێوەریان بۆ دەقێتی دیاریکردوە (cohesion) و (coherence) بێ ئەم دوو بنەمایەش دەقێتی فەراهەم نابێت، بەڵام کە سەیری توێژینەوەی توێژەرەکانی پێشوو دەکەین، دەبینین لە کارەکانیاندا و لە بەشی پراکتیکی نموونەکانیاندا تەنیا پێوەری (cohesion) یان جێبەجێکردوە، کە دەبێتە دوو بەش (لکاندنی ڕێزمانی و لکاندنی لێکسیکی). پێوەرەکەی تر یان باسنەکراوە یان بەکورتی و شتێکی کەمیان لە سەر نووسیوە. کەواتە، توێژەر لێرەدا پشتی بە تیۆری (هاڵیدەی و حەسەن) بەستوە، لە کاتێکدا هەریەکە لە (قەیس کاکل، ساجیدە عەبدوڵا، نەژاد حوسێن) بنەماکانی تیۆری هاڵیدەیان پەیڕەوکردوە. هەروەها خاڵێکی تر، کە جێگای ئاماژەپێدانە، ئەوەیە لەبەرئەوەی (بابا ڕەسول و شادان حەمەئەمین) زیاتر لە توێژەرەکانی تر (قەیس کاکل، ساجیدە عەبدوڵا، شێرکۆ حەمەئەمین، هاژە چیچۆ، نەژاد حوسێن) گرنگیان بە بابەتی لکاندنی واتایی داوە و لکاندنی واتاییش بەشێکی بابەتێکی پراگماتیکییە، بۆیە دەبینین لای (بابا ڕەسول و شادان حەمەئەمین)

باس لە لایەنی نادروستەییش کراوە و دەوروبەر و نیشانە پراگماتیکییەکانیش لە نامەکەیاندا جێگەی بۆ کراوەتەوە و باسکراوە.

### ٣-لکاندنی واتایی و گریمانەی پۆلێنێکی نوێ:

ئەم بەشە لە دوو تەوەرەی جیاواز پێکدێت؛ لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک دەخەینەسەر ڕەگوڕیشە، زاراوە، چەمک و پێناسەی لکاندنی واتایی، جیاوازیی لکاندنی واتایی لەگەڵ لکاندنی ڕێزمانی، لکاندنی واتایی و نیشانە پراگماتیکیەکان، گریمانەی پۆلێنێکی نوێی واتایی، لایەنە گرنگەکانی پۆلێنەکە، جیاوازی لەگەڵ پۆلێنەکانی تر. لە تەوەرەی دووەمیشدا، بۆ جێبەجێکردنی پۆلێنە نوێیەکە لەسەر دەقێکی زمانی کوردی و لایەنی کارەکی توێژینەوەکە تەرخانکراوە.

### ١.٣: ڕەگوڕیشە، زاراوە، چەمک و پێناسەی لکاندنی واتایی:

لە ڕووی ئیتمۆلۆژی و و ڕیشەناسیەوە، وشەی (coherence) لە (cohere)ەوە وەرگیراون، کە لە وشەی (co-haerere)ی لاتینییەوە هاتوە. (co) پێشگرێکە واتا پێکەوە. بۆیە وشەکە بە واتای "توخم یان پێکهاتە ناوخۆییەکان لۆژیکیانە لە نزیکەوە پێکەوە گرێدراون بۆ پێکهێنانی یەکێتیەکی تەواو" دێت. کەواتە (coherence) بە واتای " یەکگرتوویی سروشت یان حاڵەتی پێکەوەگونجان، بە تایبەت پەیوەندیەکی لۆژیکی و ڕێکوپێک و بەردەوامێتی یەکگرتوویی و لکاندنی واتایی تەواو لەنێوان بەشەکانی دەقدا. واتا (coherence) زیاتر بابەتێکی ئەبستراکتە (Fanyu Mao,٣٩:٢٠٢١). بەڵام سەبارەت  بە زاراوەی لکاندنی واتایی لە زمانی کوردیدا، کۆمەڵێک زاراوەی جیاجیا بۆ زاراوەی (Coherence)ی ئینگلیزی بەکاردێت، ئەمەش وای کردوە کێشەی فرەزاراوەیی لە زمانی کوردیدا دروست ببێت و تاکو ئێستاش توێژەران لە سەر دیاریکردنی یەکێکیان ڕێکنەکەوتوون، کە کام لەم زاراوانە بۆ گەیاندنی مەبەستی کارکردنیان بەکاربهێنن[١]، لە زمانی کوردیدا ئەو زاراوانەی لە سەرچاوە کوردیەکان و ئەو کارانەی کە لە

چوارچێوەی ئەم بابەتە دەسوڕێنەوە بەکاردێن، بریتین لە: (بەندکردن، بەندکردنی واتایی، دەقایەتی، گونجان، پێکەوەگونجان، لکانی واتایی، لکاندنی واتایی، لکاندنی پڕاگماتیکی).

هەروەها ئەوەی پەیوەستیشە بە چەمک و پێناسەی لکاندنی واتاییەوە، ئەوەیە؛ لکاندنی واتایی (Coherence) بریتییە لە پێکەوە گونجان و چوونە ناو یەکی بەشەکانی دەقێک لە ڕووی لۆژیکی و واتاییەوە (بابا ڕەسول نوری رەسول، ٢٠١٣، ٨٨–٨٩). یۆل پێی وایە، (کلیلی چەمکی لکاندنی واتایی شتێک نیە کە لە وشە یان پێکهاتەکاندا هەبێت، بەڵکو شتێکە لە مرۆڤەکاندا بوونی هەبێت. ئەوە کەسانێکن کە "واتا" بەو شتانە دەزانن کە دەیخوێننەوە و دەیبیستن. هەوڵدەدەن بگەنە لێکدانەوەیەک کە لەگەڵ ئەزموونی ئەوان سەبارەت بە شێوازی جیهان هاوتەریب بێت (George Yule, ٢٠١٤, 142). هەروەها (هالیدەی و ڕوقیە حەسەن) پێیان وایە، لکاندنی واتایی دەچێتە نێو قولایی و دڵی دەقەوە، هەروها سەرنج دەخاتەسەر پەیوەندیە لۆژیکیەکان، کە بیرۆکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە(Halliday & Hasan, 1976, 1). هاوکات (ڤاندایک)یش لەبارەی لکاندنی واتاییەوە ڕای وایە، پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە چۆن واتای توخمە دەقییە جیاوازەکان بەیەکەوە دەبەسترێتەوە بۆ دروستکردنی کۆیەکی یەکگرتوو. ئەم پەیوەندیانە دەتوانن ڕوون یان شاراوە بن، هەروەها پشت بە زانیاری پاشخانی خوێنەر و تواناکانی تێگەیشتن ببەستن (van Dijk,١٩٨٠, 142 ). هەر لەم بارەیەوە (ئیبن مەرهون) وای دەبینێت، لکاندنی واتایی نوێنەرایەتی ئاستی دووەمی لکاندن دەکات لە زاستی دەقسازیدا. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کردەی لکاندن لە دەقسازیدا لەگەڵ دوو جۆر پەیوەندیدا ڕوودەدات، یەکەمیان لە ڕێگەی ئامرازەکانی بەستنەوەی ڕێزمانی یان وشەییەوە بەدەستدێت، کە بە (Cohesion) دەربڕدراوە، دووەمیان (Coherence)ە، کە بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی ئامرازی واتاییەوە بەدەستدێت. هاوکات ئاماژە بەو پەیوەندیانە دەکات کە وا نیشاندەدرێت، ڕەنگە لە ڕووکەشدا ناتەبا دەرکەون، هەروەها سروشتێکی واتاداری ڕووت هەیە، کە لە ڕێگەی نیشانەکانەوە دەردەکەوێت، کە لە لایەن توخمە

زمانیەکانی ناو دەقەکەوە ڕەنگدانەوەی هەیە و ئەم جۆرە پەیوەندیەش زاراوەی (Coherence)ی بۆ بەکاردێت (زاهر بن مرهون، ٢٠٠٧، ٤٦). هەر لەم ڕوانگانەوە دەکرێت نموونەیەک لەسەر کوڕ و باوکێک بهێنینەوە، کە لکاندنی واتایی تێدایە و پەیوەندیەکە لە نێوان قسەکەر و گوێگردایە، بڕوانە نموونەی (١):

(١)- أ- کوڕ: باوکە پارەم پێ نەماوە.
ب- باوک: کوڕم ئەمڕۆ چوارشەمە.

گەر لەم نموونەیەدا ورد بینەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، ئەو جۆرە تێگەیشتنەی لە نێوان باوک و کوڕدا هاتۆتەکایەوە نە لکاندنێکی ڕێزمانیە، نە لکاندنێکی فەرهەنگیشە. بەڵکو لکاندنێکی واتاییە و واتاکەش لە ڕێگەی ئامرازە ڕێزمانی و وشە فەرهەنگییەکانەوە دروست نەبووە. بەڵکو دەوروبەر و تێگەیشتنی کوڕ لە پەیامی باوک لکاندنی واتاییان فەراهەمکردوە. کەواتە، (بەشێکی زۆری ئەو مەبەستەی کە قسەکەر هەیەتی لە ناو وشە و ڕستەکاندا ئامادەیی نیە، هەر ئەمەشە وا دەکات بە شێوەیەکی ئاسایی بتوانین پێشبینی مەبەستەکانی یەکتری بکەن و درکی پێ بکەن، چونکە لەم پرۆسەیەدا هەردوو بەشداربوو لە هەوڵی ئەوەدان واتا بدەن بە دەربڕاوەکانی یەکتری. ئەم کردەی واتاپێدانەش بە تەواوی لە ناو وشە و پێکهاتەکاندا نیە، بەڵکو لەو بۆشاییانەش دایە، کە پێویستە بە ئەزموونی گوێگر پڕبکرێتەوە، هەر ئەمەشە وا دەکات، کە لێکدانەوەی دوو گوێگر بۆ هەمان دەربڕین جیاواز بن شادان حەمەئەمین محەمەد، ، ٢٠٢٣، ١٤).

### ٣.١.١ جیاوازی نێوان لکاندنی واتایی و لکاندنی ڕێزمانی:

ئەم دوو چەمکە ڕۆڵێکی کارا لە پتەوی و بەیەکەوەگونجاندنی دەقدا دەگێڕن و بەهۆیانەوە دەقێکی پەسند و ڕوون دێتەئاراوە، جا لە ڕووی پێکهاتە و فۆرمەوە بێت، یان لە ڕووی واتاییەوە بێت. (هالیدەی و ڕوقیە حەسەن) پێیان وایە، لکاندنی واتایی دەچێتە ناو قوڵایی دەقەوە و سەرنج دەخاتەسەر پەیوەندیە لۆژیکیەکان، کە بیرۆکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە (1976, 1-2-

(Halliday & Hasan, هەروەها دەکرێت ئاماژە بەوەش بدەین کە (هالیدەی و ڕوقیە حەسەن). نموونەیان بۆ ئەم جۆرە لکانە خستۆتەڕوو پێیان وایە، لە پەیوەندیە لۆژیکیەکاندا، لکاندنی واتایی لە سەر دامەزراندنی پەیوەندیی لۆژیکی لە نێوان چەمکەکاندا گەشە دەکات. وەکو هۆکار و کاریگەری (گەردەلوولەکە بە درێژایی شەو لە ئارادا بوو، بووە هۆی پچڕانی کارەبا بە بەرفراوانی) یان کێشە و چارەسەر (ئۆتۆمبێلەکە هەڵنەبوو، بەڵام خۆشبەختانە، کەسێکی میهرەبان ئۆتۆمبێلەکەی پاڵدا (هەمان سەرچاوە، ٢٩). ئەمانە نموونەی سەرەکی بوون بۆ لکاندنی واتایی، بەڵام بە پێچەوانەوە لکاندنی ڕێزمانی، کار لە سەر ئاستی ڕووکەشی دەق دەکات و سەرنج دەخاتەسەر تایبەتمەندیە وشەیی و ڕێزمانیەکان، کە ڕستە و پەرەگرافەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە (هەمان سەرچاوە، ٤). هاوکات (هالیدەی و ڕوقیە حەسەن) ئامرازە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکانیان بەم شێوەیە دیاریکردوە و پێیان وایە، لکاندنی زمانی لە ڕێگەی (بەکارهێنانی جێناو یان هاوواتا بۆ ئاماژەدان بە ناسنامەی پێشە خۆیان، بریتیخستن (گۆڕینی وشەکان بە هاوواتا یان دارشتنەوە بۆئەوەی زیادەڕۆیی ڕوونەدات و چەندبارەیی دروست نەبێتەوە) فەراهام دەبێت. هەروەها کرتاندن (لادانی وشە یان دەستەواژەکان، کە دەتواندرێت لە دەورووبەردا دەربکەوێت) (هەمان سەرچاوە، ٢٠). لە لایەکی ترەوە دیسلی و هاوکارانی (جیاوازی لە نێوان لکاندنی واتایی و لکاندنی ڕێزمانیدا دەکەن. ئەوان ڕوونی دەکەنەوە، کە لکاندنی واتایی تایبەتمەندیی دەقێکە یان گوتەیەکە، کە بە هۆی وابەستەیی لۆژیکی و واتا و ڕستەیی توخمە پێکهێنەرەکانیەوە دروست بووە. هاوکات لە بابەت لکاندنی ڕێزمانیش دەڵێن: بە پێچەوانەوە، لکاندنی ڕێزمانی پەیوەندی بە زمانەوە هەیە و لە ئاستی ڕووکەشی دەقەکەدا ڕەنگدەداتەوە (solmaz alimohammadi, 2023, 25). هەروەها (سەعید حەسەن بحیری، سەبارە بە جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە لە سەر جیاوازیکردن لە نێوان ئەو پەیوەندیەی کە دەتوانرێت بە ئامرازەکانی بەستنەوەی ڕێزمانی (Cohesion) بەدەستبهێنرێت و ئەو لکاندنەی بە پلەی یەکەم

لە ڕێگەی واتاییەوە (Coherence) بەدەستدێت، دەڵێن: تواناکانی یەکەمیان، کە مەبەست لێی لکاندنی ڕێزمانیە، لە ئاستی ڕووکەشی دەقەکە تێناپەڕێت، هەرچی دووەمیشە کە مەبەست لێی لکاندنی واتاییە، نوێنەرایەتی پێکهاتەیەکی قووڵ دەکات لە ئاستی قووڵی دەقەکەدا و ڕوونکردنەوەیەک دەدات لە سەر ڕێگاکانی پێکەوەگرێدانی پێکهاتەکان، کە ڕەنگە لە ڕووکەشدا ناتەبا و نەگونجاو دەرکەون (سعید حسن بحیری، ١١٠، ٢٠٠٤). نموونەیەک دەهێنینەوە، کە دەکرێت بە هۆی زانیاری دنیایی و پاشخانی بەشداربووانی گفتوگۆکە، زۆر بە ئاسانی لکاندنی واتایی دروست ببێت و تێگەیشت بێتەئارا، بێ ئەوەی بۆ لێکدانەوەی دەقەکە بۆ بەستەرە ڕێزمانی و یەکە فەرهەنگییەکان بگەڕێینەوە. بڕوانە دەقی ژمارە (٣):

(٣)-أ- ئارام: سبەی ڕۆمانەکە لەگەڵ خۆت بێنە بۆ زانکۆ.
ب- ئاوارە: هێشتا هەموویم نەخوێندۆتەوە.
ج- ئارام: باشە.

لەم دەقەدا لکاندنی واتایی فەراهەم بووە، گەر ئاوارە بیوتایە (بۆت ناهێنم) دەقە دەبووە دەقێکی سیمانتیکی، بەڵام ئەم جۆرە ڕەتکردنەوەیە لای ئاوارە ناڕاستەوخۆیە و ناوەڕۆکێکی واتایی دروستکردوە.

### ٣.١.٢. لکاندنی واتایی و نیشانە پراگماتیکیەکان:

نیشانە پراگماتیکیەکان ئەو دەربڕین و یەکە زمانیانەن، کە واتاکانیان وابەستەی دەوروبەرە. بەکارهێنانی ئەم نیشانانە لە لایەن قسەکەر و گوێگر و بەشداربووان بەردەوام لە گۆڕاندایە و جێگیر نین (George Yule, ٢٠١٤:128). نیشانەکانیش بریتین لە: (نیشانە کەسیەکان، نیشانە کاتیەکان، نیشانە شوێنیەکان، نیشانە کۆمەڵایەتیەکان، نیشانەکانی دەق)، واتا، هەر کاتێک ئەم نیشانانە لە لایەن هاوبەشانی زمانەوە بەکاربهێندرێن، واتاکانیان دەگۆڕێن و بەگوێرەی ئەوانەی لەم دەوروبەرەدان لکاندنە واتاییەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. چونکە بەکارهێنانی ئەم نیشانانە لکاندن لەگەڵ دەوروبەر دروستدەکەن، ئەمەش لەبەرئەوەیە لکانی واتایی پەیوەندیەکی تۆکمەی

بە دەوروبەرەوە هەیە و ئەم نیشانانەش چونکە واتاکانیان جێگیر نین و دیاردەیەکی پراگماتیکییان دروستکردوە. هەر کاتێکیش بەسترانەوە بە دەوروبەر واتاکانیان ڕوون و ئاشکرا دەبێت، بۆیە دەتواندرێت ئێمە وەکو جۆرێک لە پەیوەندیی لکاندنی واتاییان دابنێین. هەروەها لیڤنسۆن پێی وایە: ( دیارترین ڕێگا کە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر لە خودی پێکهاتەکانی زمانەکاندا ڕەنگدەداتەوە، لە ڕێگەی دیاردەی نیشانە پراگماتیکییەکانەوەیە) ( Levinson, ١٩٨٣:٥٤). هەر بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم نیشانانەی کە ئاخێوەرانی زمان بەکاریدەهێنن پەیوەستن بە ئاستێکەوە ئەگەر ڕەگەزەکانی وەکو (وەرگر، نێرەر، کۆد، پەیام، بابەت... ) بوونیان نەبێت لەم چوارچێوەیەدا ئەوا دەقە نووسراوەکە یان وتراوەکە لکاندنی واتایی دروستناکات.

کەواتە، لە زمانەکەماندا کۆمەڵێک وشەی زۆر باو هەیە، کە ئەگەر دەوروبەرەکەی نەزانین بە هیچ شێوەیەک لێکنادرێتەوە، وەک: (لێرە و لەوێ، ئەم یان ئەو، ئێستا یان ئەو کاتە، دوێنێ، ئەمڕۆ یان سبەی، هەروەها جێناوەکانی وەک: تۆ، من، ئەو، ئەو، ئەوە، ئەوان، شێخ، مەلا...)، هەندێک دەق و گوتن لە زمانی کوردیدا (وتراو و نووسراو) هەن، مەحاڵە لێیان تێبگەین ئەگەر نەزانین کێ قسە دەکات، دەربارەی کێ، لە کوێ و کەی و لەبارەی چی و هاوبەشەکانی دەربڕین و لێکدانەوە جیاجیاکان و دەوروبەری گوتن و زانیاری هاوبەشی نێرەر و وەرگر ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە کردەی لکاندنی زمان بە دەوروبەر و دروستکردنی لکاندنی واتایی. بۆ نموونە تێگەیشتن لە دەرەوەی چوارچێوەی دەقی ژمارە (١١) لە ڕاستیدا قورسە:

(١١)- ئێوە سبەی پێویستە بیبەنەوە، چونکە ئەمڕۆ لێرە نیە.

گەر سەرنجی ئەم دەقە بدەین دەبینین ژمارەیەکی زۆر دەربڕینی تێدایە، وەک: (ئێوە، سبەی، ئەو، لێرە، ئەمڕۆ) کە پشت بە زانینی چواردەوری ناوخۆیی دەبەستن بۆ لێکدانەوەیان. واتا، ئەگەر زانیاری هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر نەبێت، لێرەدا لکاندنی واتایی دروست نابێت[٢].

### ٣. ٣. گریمانەی پۆلێنی نوێی لکاندنی واتایی:

ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین، کە لکاندنی واتایی دەبێتە سێ بەش، وەکو: (واتای فەرهەنگی، واتای پڕاگماتیکی، واتای دەقی)، واتای فەرهەنگی لەم لقانە پێکدێت: (دووبارەبوونەوە، هاوواتا، سەرخان، داپۆشین، بەش لە گشت، دژواتا، هاورێیەتی). واتای پڕاگماتیکیش لەم لقانە پێکدێت: (دەوروبەر، ڕۆڵی وەرگر، زانیاری هاوبەش، ئاماژەیی، کەسی، شوێنی، کاتی، کۆمەڵایەتی). هەروەها واتای دەقیش لەم چەند لقانە پێکدێت: (دارشتنەوە، ڕیزبەندیی ڕاستی ڕستەکان، مێتا گوتار). بەم هۆیەشەوە، دەقە جۆراوجۆرەکانی زمان تەنیا لە دوو ئاستی زمان شیکارناکرێن، واتا، هەندێک لایەنی زۆر گرنگ لە پۆلێنەکاندا پشتگوێخرابوو، ئەمەش جۆرێک لە ناڕوونی و تێکەڵی لە پۆلێنەکاندا دروستکردبوو. بۆیە بە پێویستمان زانی ئەو لایەن و ڕەهەندە گرنگانەش لەبەرچاوبگرین، کە بە هۆیەوە پێویستە دەقی جۆراوجۆری زمانی پێ شیبکرێتەوە، بۆیە زۆر گرنگە پەنجە بخەینەسەر ئەو کەلێنەی کە تاکو ئێستا لە شیکاری دەقسازیدا بە والایی ماوەتەوە. گریمانەکردنی ئەو پۆلێنە واتاییەش لە ئەنجامی ئەوە سەریهەڵدا، کە لای ڕێزماننووسەکان و واتاناسەکان لە پرۆسەی توێژینەوەکانیاندا لەبارەی شیکردنەوەی دەق و بواری دەقسازیدا تەنیا کار لە سەر لایەنی ڕێزمانی و لایەنی سیمانتیکی (یەکە فەرهەنگیەکان)ی دەق کراوە.

لە کۆتاییدا ئەم پۆلێنەی کە بۆ لکاندنی واتایی کردمان، لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا دەیخەینەڕوو، کە لە شێوەی (١)دا دیارە:




شێوەی (١)

### ٣.٣.١. لایەنە گرنگەکانی پۆلێنەکە:

١-ئەم پۆلێنە زۆر وردە، دەتوانێت گرفتی واتایی دەق چارەسەربکات.

٢-ئەم پۆلێنە ئاماژە بە واتایی دادەنێت، کە لە پۆلینەکانی پێشوودا بە لکاندنی ڕێزمانی دانرابوو.

٣-لە ڕێگە ئەم پۆلێنە نوێیەوە، دەتواندرێت یەکەی گەورەتر لە یەکەی فەرهەنگی لە ناو دەقدا بخوێندرێتەوە. وەک گرێ و لاڕستە و ڕستە.

٤-وابەستەکردنی پراگماتیک بە بواری دەقسازی، یەکێکی ترە لە گرنگیەکانی ئەم پۆلێنە، کە زۆر جار دەق لە ڕێگەی واتای پراگماتیکییەوە لێکدەدرێتەوە.

### ٣.٢.٣. جیاوازی لەگەڵ پۆلێنەکانی تر:

پۆلێنەکانی پێشوو تەنیا لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانی و فەرهەنگیەوە شیکاری دەقیان کردوە، بەڵام پۆلینەکەی ئێمە هەم لە ڕووی واتای فەرهەنگیەوە، هەم لە ڕووی واتای پرگماتیکی و دەقییەوە شیکاری دەقەکانی زمان دەکات. جگە لەمەش لەم پۆلێنەی ئێمەدا ڕۆڵی وەرگر و زانیاریی هاوبەشی بەشداربووانی دەق لە پرۆسەی لێکدانەوەی دەقدا پشتگوێ نەخراوە. هەروەها

وابەستەکردنی چەمکی (coherence) بە پڕاگماتیکەوە کە چەمکێکی دەقسازییە، گیانێکی تر بەبەر پۆلێنبەندییە نوێیەکەی ئێمە دەبەخشێت، چونکە ئەم چەمکە لە ڕێگەی زانیارییە پڕاگماتیکییەکانەوە بەدەست دێت. کە جیاوازیەکی تر بەراورد بە پۆلێنەکانی پێش خۆی دەردەخات.

### ٤. جێبەجێکرنی پۆلێنی نوێی لکاندنی واتایی لە سەر دەقی زمانی کوردی

ئێمە لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین جۆرەکانی لکاندنی واتایی لە دەقی (لە گۆڕستانێک) کە بە شێوەی مەبەستدار هەڵبژێردراوە بخەینەڕوو. لە هەمانکاتدا دەمانەوێت بزانین لکاندنی واتایی لەم جۆرە دەقەدا چۆنە. هەڵبژاردنی ئەم جۆرە دەقە جیاوازانەش لە سەر ئەو بنەمایەیە، کە پۆلێنە نوێیەکەی ئێمە دەتوانێت بۆ شیکردنەوەی دەقی فەرمی و نافەرمی بگونجێت و بەکاربێت. جا دەقەکە پەخشان بێت یان شیعر یان زمانی ئاسایی خەڵکی،... هتد هاوکات بۆ ڕەواندنەوەی ئاڵۆزیش لە خستنەڕووی دەقەکەدا، هەوڵدەدەین بەشێوەی خشتە ئەو پەیوەندیە واتایی و لکاندنە واتاییانە ڕوونبکەینەوە و هەنگاوەکانی شیکاری دەقەکانیش بخەینەڕوو. هەروەها ژمارەبەندکردنی دەقەکانیش لە سەر بنەمای گوتن دەبێت، نەک ڕستە و ڕۆنان، واتا، ڕەنگە گوتنمان هەبێت ڕستەیەک بێت، هەشمان بێت لە چەند ڕستەیەک پێکهاتبێت، بەڵام سەرەتا پێویستە چەند هەنگاوێک و بەرچاوڕوونیەک بخەینەڕوو سەبارەت بە خشتەکان و شیکرنەوەی دەقەکان.

بۆ دەستنیشانکردنی لکاندنی واتایی لە دەقەکاندا چەند هەنگاوێک دەگرینەبەر[٣]:

هەنگاوی یەکەم: دیاریکردن و دۆزینەوەی گوتنەکان لە ناو دەقەکەدا و ژمارەبەندکردن و جیاکردنەوەی کۆددانان بۆ گوتنەکان لە سەر بنەمای واتا داندراوە نەوەک ڕۆنان. هەر گوتنێکیشمان بە یەکەیەکی سەربەخۆ داناوە.

هەنگاوی دووەم: دروستکرنی خشتە و دیاریکردنی جۆرەکانی لکاندنی واتایی لە خشتەدا.

هەنگاوی سێیەم: دیاریکردنی ژمارەی شێوەی لکاندنەکان و ڕێژەی سەدی لکاندنی واتایی لە دەقەکاندا.

هەنگاوی چوارەم: خستنەڕووی هێڵکاریی لکاندنی واتایی.

## ٤.١. بەرچاو ڕوونیەک لەبارەی زانیاریەکانی ناو خشتەکان:

هەر یەکێک لەم خشتانەی خوارەوە لە شەش ستوون پێکهاتوە، کە هەر ستوونێک بۆ بابەتێکی تایبەت تەرخانکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ستوونی یەکەم: تایبەتە بە ژمارەی گوتنەکانی ناو هەر یەک لەم دەقانەی نووسراونەتەوە، واتا دەقەکە لە چەند گوتن پێکهاتبێت تا کۆتایی دەقەکەمان دابەشی سەر چەند گوتنێک کردوە، تاکو بە ئاسانی بزاندرێت، شێوەی ئاسۆیی خشتەکە تایبەتە بە کام گوتنی ناو دەقەکە.

ستوونی دووەم: پەیوەستە بە ژمارەی پەیوەندیەکانی لکاندنە واتاییەکان.

ستوونی سێیەم: پەیوەستە بە شێوەی لکاندنە واتاییەکان.

ستوونی چوارەم: پەیوەستە بە جۆری پەیوەندیە واتاییەکان.

ستوونی پێنجەم: پەیوەستە بە ناوی کەرەستەکان.

ستوونی شەشەم: پەیوەستە بە کەرستەی ناو گوتنەکان.

پێویستە ئاماژەش بەو خاڵە گرنگە بدەین و خوێنەریش ئاشنای ئەوە بکەین، کە لە خانەی یەکەمی شێوە ئاسۆییەکەدا، ژمارەیەک کورتکراوە بەم شێوە و واتایانەی خوارەوە بەکارهاتوە:

ژ: ژمارە
ژ. ل. و ← ژمارەی لکاندنی واتایی
ش. ل ← شێوەی لکاندن
ج. پ. و ← جۆرەکانی پەیوەندی واتایی
ن. ک ← ناوی کەرەستە
ک. ن. گ ← کەرستەی ناو گوتنەکان

هەر لە ناو خشتەکەدا لە جیاتی بەکارهێنانی (لکاندنی فەرهەنگی، لکاندنی دەقی)، تەنیا ناوهێنانی (فەرهەنگی، دەقی) بەدیدەکرێت.

نموونەی دەقی (لە گۆڕستانێکدا):

لە ژوور سەری گۆڕەکاندا
یەکە یەکە مۆمەکانیان کوژاندەوە.
ژنەکانیش وەکوو پۆلە بەڕەسێلکە بەرەو دامێن و ڕووە و شار شۆڕ بوونەوە
ئێستە گۆڕستان خامۆشە
بە تەنها مۆمێک و دایکێک
لە نێوان دوو بەردەکێلدا
بە یەکەوە ئەسووتێنو
پێکیشەوە ماونەتەوە.
دایکێک بەهەشتیش ناتوانێ
ڕۆحی شاد کات.
دایکێک نامۆی ناو دایکانەو
غەریبی زامی خۆیەتی.
دایکێک ئەزانێ کوڕەکەی لە ناو تانکێکدا کوژراوە
کە ئەژدیها و... جەهەننەمی بەعسیان لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەم مەڵبەندە هێناوە !! (شێرکۆ بێکەس، ١٣٦-١٣٧)

**١.٤. هەنگاوی یەکەم: : دیاریکردن و دۆزینەوەی گوتنەکان لە ناو دەقەکەدا و دانانی ژمارە بۆ هەر یەکەیان.**

١- لە ژوور سەری گۆڕەکاندا یەکە یەکە مۆمەکانیان کوژاندەوە.

٢- ژنەکانیش وەکوو پۆلە بەڕەسێلکە بەرەو دامێن و ڕووە و شار شۆڕ بوونەوە.

٣- ئێستە گۆڕستان خامۆشە.

٤- بە تەنها مۆمێک و دایکێک لە نێوان دوو بەردەکێلدا بە یەکەوە ئەسووتێن و پێکیشەوە ماونەتەوە.

٥- دایکێک بەهەشتیش ناتوانێ ڕۆحی شاد کات.

٦- دایکێک نامۆی ناو دایکانەو غەریبی زامی خۆیەتی.

٧- دایکێک ئەزانێ کورەکەی لەناو تانکێکدا کوژراوە، کە ئەژدیها و... جەهەننەمی بەعسیان لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەم مەڵبەندە هێناوە.

٤.٢. هەنگاوی دووەم: خشتەی شیکردنەوەی دەقەکە و دیاریکردنی جۆرەکانی لکاندنی واتایی لە خشتەدا.

| ژ | ژ. ل. و | ش. ل | ج. پ. و | ن. ک | ک. ن. گ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | واتای پراگماتیکی | ئاماژەی شوێن | گرێی ئاوڵکار | لە ژوور سەری گۆڕەکاندا |
| | | فەرهەنگی | دووبارەبوونەوە | ژمارە | یەکە یەکە |
| ٢ | ٢ | واتای پراگماتیکی | ئاماژەی کەس | ناو | ژنەکانیش |
| | | دەقی | میتا گوتار | ئامراز+گرێی ناوی | وەکوو پۆلە پەرەسیلکە |
| | | واتای پراگماتیکی | ئاماژەی شوێن | ئاوڵکار | بەرەو دامێن و ڕووەو شار |
| ٣ | ٢ | واتای پراگماتیکی | ئاماژەی کات | ئاوڵکار | ئێستە |
| | | واتای پراگماتیکی | ئاماژەی شوێن | ناو | گۆڕستان |
| | | واتای پراگماتیکی | دەوروبەر+زانیاریی هاوبەش+ڕۆڵی وەرگر | ڕستەی سادە | گۆڕستان خامۆشە. |
| ٤ | ٢ | دەقی | میتا گوتار | ئامراز | بەتەنها |
| | | واتای پراگماتیکی | ئاماژەی شوێن | گرێی فراوانکراو | لەنێوان دوو بەردە کێلدا |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | ٢ | واتای پراگماتیکی | ئامازەی کەسی | ناو | دایکێک |
| | | واتای پراگماتیکی | ئامازەی شوێن | ناو | بەهەشت |
| ٦ | ٢ | فەرهەنگی | دووبارەکردنەوە | ناو+ناو | دایکێک+دایکانە |
| | | واتای پراگماتیکی | دوروبەر+زانیاریی هاوبەش | رستە | خەریبی زامی خۆیەتی |
| ٧ | ٦ | دەقی | میتا گوتار | لارستە | دایکێک دەزانی |
| | | واتای پراگماتیکی | ئامازەی کەس | ناو | کورەکە |
| | | واتای پراگماتیکی | ئامازەی شوێن | گری | لەناو تانکی |
| | | دەقی | میتا گوتار | ئامراز | کە... |
| | | فەرهەنگی | هاوواتا | ناو+گریی ناوی | ئەژدیها+جەهەننەمی بەعس |
| | | دەقی | میتا گوتار | گری | لەگەڵ خۆیدا |

**هەنگاوی سێیەم: دیاریکردنی ژمارەی شێوەی لکاندنەکان و ڕێژەی سەدی لکاندنی واتایی:**

| ناوی شێوەکان | ژمارەی شێوەی لکاندنەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| فەرهەنگی | ٤ | %١٩ |
| واتای پراگماتیکی | ١٢ | %٥٧ |
| دەقی | ٥ | %٢٤ |
| سەرجەم | ٢١ | %١٠٠ |

**هەنگاوی چوارەم: خستنەڕووی هێڵکاریی لکاندنی واتایی:**



**ئەنجامەکان:**

١- گریمانەکردنی پۆلێنی نوێی واتایی، لە ئەنجامی ئەوە سەریهەڵدا، کە لای ڕێزماننووسەکان و واتاناسەکان لە پرۆسەی توێژینەوەکانیاندا لەبارەی شیکردنەوەی دەق و بواری دەقسازیدا تەنیا کار لە سەر لایەنی ڕێزمانی و لایەنی سیمانتیکی (یەکە فەرهەنگیەکان)ی دەق کراوە. بەم هۆیەوەش لایەنەکانی تری زمان لەم نێوەندەدا فەرامۆشکراون و لەم چوارچێوەیەدا جۆرێک لە ئاڵۆزی بەدیدەکرا.

٢- لە ڕێگەی پۆلێنی نوێی لکاندنی واتاییەوە، دەتواندرێت هەموو شێوازەکانی دەقی فەرمی و نافەرمی، لە زمانی ستاندەرد و میللی شیبکرێتەوە.

٣- پرۆسەی لکاندن لە دەقەکانی زماندا، تەنیا لە ڕێگەی لکاندنی ڕێزمانی و لکاندنی فەرهەنگیەوە بەدەستنایەت، بەڵکو زۆر دەقمان بەرچاو دەکەوێت، جا دەقەکە نووسراو بێت یان گوتراو، واتاکەی لە ڕێگەی واتای پراگماتیکی یان ڕەهەندە دەقییەکانەوە بەدەستدێت.

٤- پرۆسەی لێکدانەوە و دەوروبەر و ڕۆڵی وەرگر، ڕۆڵیکی کاریگەر دەگێڕن لە فەراهەمکردنی پرۆسەی تێگەیشتن لە دەقدا، بە تایبەت ئەو دەقانەی لە ڕێگەی لکاندنە فەرهەنگیەکان و ڕێزمانیەکانەوە ناتواندرێت پەی بە واتاکانیان ببرێت.

٥- لە پۆلێنی کارەکانی پێشوو، کە لەبارەی لکاندنەوە کراون، بە تایبەت لای (هالیدەی و حەسەن) و شارەزایانی تری دوای خۆیان، ئاماژە وەک یەکێک لە جۆرەکانی لکاندنی ڕێزمانی دانراوە و بۆ مەبەستی لکاندن لە ڕووی فۆرمییەوە سوودی لێ بینراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە وەکو جۆرێک لە جۆرەکانی نیشانە پراگماتیکیەکان لە بواری لکاندنی وتاییەوە کاریان لەسەربکرێت.

## پەراوێزەکان:

١- لە سەرچاوە جیاوازەکان زاراوەی جیاجیا بۆ (coherence) بەکارهاتوە، بڕوانە سەرچاوە کوردییەکان؛ (قیس کاکل تۆفیق ٢٠٠٨، شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٩، بابا ڕەسول نووری ٢٠١٣، نژاد حسێن شەریف، ٢٠٢٢، شادان حەمەامین، ٢٠٢٣، ڕێبوار محمد اسماعیل، ٢٠١٨).
٢- بۆ ئەم بابەتە، سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە؛ (بەکر عومەر علی_ئازاد ئەحمەد حسەین، ٢٠١٣، تریفە عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٨).
٣- لە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەدا بۆ شیکردنەوەی دەقەکان و ئامادەکردنی خشتەکان، پشتم بەم سەرچاوانە بەستوە؛ (قەیس کاکل تۆفیق ٢٠٠٢، شادان حەمەئەمین، ٢٠٢٣).

## لیستی سەرچاوەکان:


**یەکەم: بە کوردی:**

١- بابا ڕەسول نوری ڕەسول (٢٠١٣)، *شیکردنەوەی دەق؛ نوکتە بە نموونە*، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٢ بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠١٣)، *دەوروبەری زمانی لێکۆڵینەوەیەکی سینتاکسی-پراگماتیکییە*، کۆلێژی زمان بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٢.

٣- تریفە عومەر ئەحمەد *(٢٠٠٨)، مەبەستی پراگماتیکی لە وتاردا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤- ڕێبوار محمد اسماعیل (٢٠١٨)، *شیعری کوردی لە ڕوانگەی پێوەرەکانی دەقێتی؛ بە نموونەی دەقی شعری لە کرمانجی خواروودا.*

٥ ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠٠٨)، *ڕستە و پاش ڕستە؛ تێڕوانینێکی ئەرکی*، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر.

٦- شادان حەمەئەمین (٢٠٢٣)، *هاوئاهەنگی دەقبەستی لە زمانی کوردیدا*، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.

٧ شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٩)، *شیکارکرنێکی گوتاری چیرۆکەهەواڵ*، مەڵبەندی کوردۆلۆژی، چاپخانەی ڕەنج (سلێمانی).

٨ قەیس کاکل تۆفیق (٢٠٠٢)، *پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا*، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین

٩ نەژاد حسێن شەریف (٢٠٢٢)، *بەستەرەکانی دەق لە زمانی کوردیدا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٠-هاژە چیچۆ محمدامین (٢٠١٥)، *دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا*، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران.

١١-دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم(١٩٦٨-١٩٨٠)، کوردستان-٢٠٠٦.

**دووەم: بە عەرەبی:**

١- زاهر بن مرهون بن خصيف الداودي (٢٠٠٧)، *لترابط النصي بين الشعر والنثر نصوص الشيخ عبداالله بن علي الخليلي أنموذجا دراسة تحليلية مقارنة*، كلية الدراسات العليا، الجامعة الأردنية.

٢- سعيد حسن بحيري(٢٠٠٤) *علم لغة النص المفاهيم والاتجاهات*، ط ١، القاهرة، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع.

سێیەم: بە زمانی فارسی:

**سێیەم: بە ئینگلیزی:**

1- Fanyu Mao (2021), *A Re-analysis Of Cohesion And Coherence*, Jiangxi University of Finance and Economics, Nanchang, Jiangxi, China.

2- GILLIAN BROWN & GEORGE YULE, 1983, *discourse analysis*, New York, Cambridge.

3- George Yule (2014), *The Study of Language*, Fifth edition, Published in the United States of America by Cambridge University Press, New York.

4- Hasan, R. 1984, *Coherence and cohesive harmony*, J. flood, understanding reading comprehension, IRA, Newark: Delaware.

5- Halliday, M.A.K. (1985) an Introduction to Functional Grammar, London, Edward Arnold.

6- Hoey, M. (1991). Patterns of lexis in text.

7- Jin soon' Cha (1982), *LINGUISTIC COHESION IN TEXTS*, THÉORY AND DESCRIPTION, Department of Linguistics McGil1 University.

8- LEVINSON (1983), *PRAGMATICS*, .Cambridge University Press; CAMBRIDGE.

9- McCarthy, M. (1988). "*Some vocabulary patterns in conversation*." In R. Carter & M. McCarthy (Eds.), Vocabulary and Language Teaching (pp. 181–200). London & New York: Longman.

10- M.A.K. Halliday and Ruqaia Hasan, (1976), cohesion in English, Longman, London.

11- Martin, J. R. (1992). *English text: System and structure*. John Benjamins Publishing.

12- Solmaz Alimohammadi (2023), *Coherence and cohesion in an ESL academic writing environment*, Rethinking the use of translation and FOMT in language teaching, Faculty of Arts University of Ottawa, canada.

13- Taboada, M. T. (2004). *Building coherence and cohesion*: Task-oriented dialogue in English and Spanish(Vol. 129). John Benjamins Publishing.

14-Teun A.van Dijk, (1977), *Text and Context*, Longman, Linguistics Library.

15- Van Dijk, T. A. (1980). *Macrostructures: An interdisciplinary study of global structures in discourse,* interaction, and cognition. Lawrence Erlbaum Associates

1٦- Zubairu Malah (2020), *Lexical Cohesion: A Brief Review on Theoretical Emergence, Development and Practical Application in Discourse Studies*. International Journal of Linguistics and Communication.

**ملخص:**

هذا البحث هو محاولة لتحديد وتقديم الانسجام في النصوص الكردية، والذي يخلق الانسجام وسلامة فهم النص من خلال العناصر المعجمية والمعاني التداولية والأبعاد النصية. في هذا البحث، وبالاعتماد على نظريات التماسک، تمت إعادة صياغة فئة أخرى من التماسک دلاليا لنظرية النص. كما يقوم البحث بتفسير مختلف نظريات التماسک، والتي تم استخدامها في تحليل النصوص في الماضي. في هذا البحث، يتم اتباع المنهج الوصفي للتحليل في تحليل البيانات. ووفقا للنتائج التي تم الحصول عليها في هذه الدراسة، من ناحية، تم طرح فئة جديدة من التماسک. من ناحية أخرى، تم اعتبار حالة الإشارة جزءا مهما من عملية الانسجام. تم استخدام تماسک الأنواع الثلاثة بطرق مختلفة في النصوص الكردية. لا تتحقق عملية التماسک من خلال التماسک النحوي أو العناصر المعجمية فحسب، بل تشارک أيضا الأبعاد التداولية والنصية في توفير فعل التماسک.

الكلمات المفتاحية: التماسک، انسجام، التصنيف جديدة، المعنى التداولي، حالة الإشار